www.kurdistannet.org
14-3-2006 11:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تەکنۆلۆژیای تازە گۆڵەکان لەکاتی ڕوودانیدا دەردەخات ... ئامادەکردنی: ئەنوەر خەراجیانی

یەکێتی تۆپی پێی جیهان (فیفا) بڕیاری داوە پەنا بەرێتە بەر تەکنۆلۆژیای تازە کە ناوبژیوان (حکم) ئاگادار دەکاتەوە لە کاتی تۆمارکردنی گۆڵدا هەرکاتێك تۆپەکە چووە ئەودیو خەتی گۆڵەکە، وا چاوەڕوان ئەکرێت کە فیفا دەست بکات بەم پلانە لە یاریەکانی جامی جیهانی لاوان کە لە ژێر 20 ساڵیدا لە مانگی سەپتەمبەری داهاتوو دەکرێت لە وولاتی (پیرۆ) لە ئەمەریکای باشوور، بۆیە فیفا پەنا دەباتە بەر ئەم جۆرە تەکنۆلۆژیایە بۆ ئەوەی دڵنیایی بکەن لە بڕیاری ناوبژیوان (حکم) کە هەندێ جار بە هەڵەدا دەچن لە کاتی تۆمار کردنی گۆڵەکان کە بە گۆڵ حساب ناکرێ، وە تەکنۆلۆژیای تازە هەڵدەستێ بە دانانی پارچەیەك (مغناتیسی) لە ناو تۆپی یارییەکاندا لەکاتی پەڕینەوەی تۆپەکە لە خەتی گۆڵ ئیشارەت ئەدات بە ناوبژیوان (حکم) بەم جۆرە گۆڵەکە دەژمێررێت. کۆمپانیای (ئەدیداس) بۆ دروسکردنی کەلووپەلی وەرزشی هەڵساوە بە درووستکردنی ئەم جۆرە تۆپانە، بۆیەکەم جار لە ئەڵەمانیا تاقیان کردۆتەوە لە یاریەکی دۆستانە ی خۆیدا لە نێوان یاری زانانی تیپی نوریمبیرگ دا.

بەریتانیم وەرگرتووە. B. B. C سەرچاوەی ئەم زانیاریە لە ئیزاعەی

ئامادەکردنی: ئەنوەر خەراجیانی
پەیامنێری کوردستان نێت



